## سیڤان جەمشید یاریزانی شەترەنجی یانەی خانزاد:

# لەکۆمەڵگەی ئێمە هێشتا کچ ئازاد و سەربەخۆ نییە لە وەرزش کردن

**یاری شـــەترەنج بەیەکێك لەیارییە زانستییەکان دادەنرێ لەسەر ئاستی جیهان، شاری هەولێریش لەمێژووی دروستبوونی ئەو یارییەش چەندین ئافرەتی وەرزشـــکاری تێدا دروســـت بووە، یەکێك لەم یاریزانە بەتوانایانەش یاریزان سیڤان جمشید حەیدەرییە کە لەدایکبووی ســـاڵی ١٩٩٥ی شـــاری هەولێرەو ئێســـتاش یاریزانی یانەی خانزادە، چەندین ئەنجامی بەرچاوی بەدەستهێناوە ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

*** چۆن بوو ئەم یارییەت هەڵبژارد؟**

- بەڕاســـتی یاری شەترەنج یەکێکە لەیارییە خۆشەکان و یارییەکی زانستییە و بەیاری کەســـی گەورە ناوبانگی هەیە، منیـــش بەهۆی حەز و خولیام بۆ ئەو یارییە توانیم خۆم لەم یارییە بدۆزمەوە..

*** ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لەکوردستان؟**

- ئاستی ئەم یارییە لەئێســـتادا باشە، بۆیە ئەم ئاستەش وادەکات کە یاریزانان زیاتر بەرەوپێش بچن و زیاتر یاری بکەن.

*** لەشاری هەولێر بەتایبەتی لەچ ئاستێکە؟**

- شـــاری هەولێر هەمیشە پێشەنگ بووە لەدروســـتکردنی یاریزانی شەترەنج، یاریزانەکانیش ئەنجامیان بەرچاو بووە لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و عێراق، هەوڵیش دەدەین هەر بەپێشەنگی بمێنینەوە.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆئەوەی ئاستی ئەم یارییە پێشبکەوێت؟**

- خولـــی زیاتر بکرێتەوە بۆ یاریزانان بۆئەوەی ئاســـتی خۆیان بســـەلمێنین لە پاڵەوانێتیەکاندا، گرنگی بەتوانای کچانی وەرزشکار بدرێت، گرنگی بەئاستی وەرزشکارە بچووکەکان بدرێت، ئەم یارییە ببرێتە نێو قوتابخانەکانیش.

*** هیچ یانەیەك داوای لێ کردوی یاری بۆبکەیت؟**

- بەڵێ چەند یانەیەك داوایان لێ کردومە.

*** وەکو کچە قوتابییەك کێشەت بۆدروست نابێت، لەوەرزش کردنت؟**

- بەڵێ هەندێك کات کێشەم بۆدروست دەبێت کە ناتوانم لەمەشقەکانم ئامادەبم، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئاستم.

*** بۆچی کچان لەئێستادا کەم دەبینرێن لەیاری شەترەنج؟**

- ئەوەی ڕاســـتی بێت گەلێك هۆکار هەیە کە وای لەکچە وەرزشـــکاران کردووە کچ لـــەوەرزش دووربکەوێتـــەوە، بەتایبەتی ڕێگری کردن لەلایـــەن خێزانەکانیان، یاخود لەڕووی کۆمەڵگەوە هێشـــتا کچ ئازاد نەبووە کە ســـەربەخۆ وەرزش بکات. یارییەکی گرانە هەموو کچێـــك ناتوانێ ئەم یارییە ئەنجام بدات.

*** کێشەو گرفتتان چیە لەیاری شەترەنج؟**

- هیچ کێشەیەکمان نییە، بەڵام ئەگەر هۆڵی گەورە بکرێتەوە باشترە.

*** یانەی خانزاد وەکو پێویست هاوکاریتان دەکات؟**

- بەڵێ هاوکاریمان دەکەن، ئێمەش خۆشـــمان بۆخۆمان هەوڵی بەرەوپێشچوونی خۆمان دەدەین لەم یارییە بۆئەوەی خۆمان ئاستی خۆمان پێش بخەین.

*** لەهەڵبژاردەی عێراق بانگێشت نەکراوی؟**

- تا ئێســـتا نەخێر، بەڵام هەوڵـــدەدەم لەداهاتوو ببمە یەکێـــك لەیاریزانەکانی هەڵبژاردەی شەترەنجی عێراقی.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

- بەهیوای ئەوەم وەکو کچە وەرزشـــکارێکی کورد بتوانم لەخولێکی نێودەوڵەتی بەشداری بکەم و ئەنجامێکی شایستە بەدەست بێنم.

*** داوکاری و پێشنیارت بۆلایەنی بەرپرس؟**

- بەهیوای ئەوەم لایەنی بەرپرس گرنگی زیاتر بەکچان بدات، یاری شـــەترەنج ببێتە یارییەکـــی گرنگ، خزمەتی زیاتری ئەم یارییە بکرێت لەشـــارەکانی کوردستان.

***ئەگەر شتێکت ماوە لەکۆتاییدا؟**

-ســـوپاس بۆئێوەی بەڕێز بەهیـــوای ئەوەم گرنگـــی بەردەوام بەئافرەتی وەرزشکار بدرێت.



دیمانە: کارزان کاندی




## موسا موحسین ڕاهێنەری هەڵبژاردەی لاوانی عێراق بۆ پایسکلسواری

# هیوادارم هیچ دەزگایەک هەواڵ بەبێ زانیاری دروست بڵاونەکاتەوە

**دوای ئەوەی هەڵبژاردەی لاوانی عێراق بۆ پایسکلسواری بەشداری لەپاڵەوانێتی وڵاتانی عەرەبی کرد لەپێشبڕکێی (تراك)، کە لەوڵاتی ئیمارات بەڕێوەچوو، ئەم هەڵبژاردەیە توانی چەندین میدالیا بەدەستبهێنێت. ئەم هەڵبژاردەیە زۆربەی هەرە زۆری یاریزانەکان کورد بوون و ڕاهێنەری هەڵبژاردەکە کورد بوو، ئەویش ڕاهێنەری یانەی هەولێر موسا موحسین، ئەم ڕاهێنەرە بەتوانایە توانی لەگەڵ هەڵبژاردەکەی دەستکەوتێکی مەزن بۆ عێراق بەدەستبهێنێت لەم پاڵەوانێتیە، لەدیدارێکدا بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

***هەر چەندە لەعێراق شوێنی ئەنجامدانی پێشبڕکێی تراك نییە، چۆن توانیتان خۆتان بۆ ئەم پاڵەوانێتیە ئامادە بکەن؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت لەشاری هەولێر بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ ئۆردوگایەکی مەشقیمان ئەنجامدا بەئامادەبوونی (١٠) یاریزان لەم ئۆردوگایە توانیمان شەش یاریزان بۆ هەڵبژاردەی لاوانی عێراق دەستنیشان بکەین، بەهۆی نەبوونی تراك لەعێراق بریارمان دا مەشقەکانمان بۆ وڵاتی ئێران بگوازینەوە، لەم وڵاتە ئۆردوگایەکی مەشقیمان بۆ ماوەی (١٢) ڕۆژ ئەنجامدا دواتر لەوڵاتی ئیمارات ئۆردوگایەکی مەشقیمان بۆ ماوەی (٥) ڕۆژ ئەنجامدا.

***چەند یاریزانی هەڵبژاردەی لاوانی عێراق کورد بوون؟**

-لەم پاڵەوانێتیە هەڵبژاردەی لاوانی عێراق بەشەش یاریزان بەشداری کرد، خۆشبەختانە هەر شەش یاریزان بەستافی مەشقەوە هەمووی کورد بوون، بەمشێوەیە (موسا موحسین ڕاهێنەر)، یاریزانان (هونەر عەبدولستار، محەمەد بەکر، ئاری جەلال، مستەفا عیزەت، سوهێل سامی، ئیبراهیم شێرکۆ ).

*** ئەنجامەکانتان چۆن بوو لەم پاڵەوانێتیە؟**

- ئەنجامەکانمان زۆر باش بوو لەم پاڵەوانێتیە و توانیمان چەندین ملوانکە بەدەستبهێنین، بەمشێوەیە.

١- لەپێشبڕکێی خێرا بۆ تیپ، کە ماوەکەی (٧٥٠)م بوو توانیمان پلەی دووەم بەدەستبهێنن و یاریزانەکان بریتی بوون لە(هونەر عەبدولستار، ئاری جەلال، ئیبراهیم شێرکۆ ).

٢- لەپێشبڕکەی دواکەوتن تیپ، کە ماوەکەی (٤)کم بوو توانیمان پلەی سێیەم و ملوانکەی برۆنز بەدەستبهێنین و یاریزانەکان بریتی بوون لە(محەمەد بەکر، مستەفا عیزەت، هونەر عەبدولستار، ئاری جەلال).

٣- لەپێشبڕکێی کیلۆ، کە ماوەکەی (١)کیلۆ بوو توانیمان ملوانکەی زێڕ بەدەستبهێنین، کە یاریزان ئاری جەلال بەتەنیا بەشداری لەم پێشبڕکێیە کرد.

*** بەبۆچوونی تۆ پێشبڕکێی تراك زەحمەتە یاخود پێشبڕکێ لەسەر ڕێگا؟**

- بەبۆچوونی خۆم پێشبڕکێی تراك زەحمەتترە لەپێشبڕکێی ڕێگا.

*** ئایا بەشداریت لەهیچ خولێکی ڕاهێنەرایەتی کردووە لەپێشبڕکێی تراك؟**

- بەڵێ، بەشداریم لەخولێکی ڕاهێنەرایەتی کردووە لەسەر تراك، کە لەوڵاتی ئیمارات ئەنجامدرا و سوودێکی باشم لێوەرگرت توانیم ئەو زانیاریانەی کە لەم خولە وەرمگرت بگوازمەوە بۆ یاریزانەکان، چونکە یاریزانەکان هیچ زانیارییەکان لەسەر پێشبڕکێی تراك نەبوو، ئەوە یەکەم جارە بەشداری لەم جۆرە پاڵەوانێتیانە دەکەن، لەئۆردوگای هەولێر کاری ئێمە تەنیا فێرکردنی یاریزانەکان بوو چۆن بەشداری لەپێشبڕکێی تراك دەکەن و ناوی پێشبڕکێکە چییە و هەروەها ئۆردوگای هەولێر هۆکاری سەرەکی ئەنجامە باشەکانمان بوو، چونکە مەشقی یاریزانەکان لەسەر ڕێگا بوو، یاسایەك هەیە لەپێشبڕکێی تراك دەڵێت، ئەگەر یاریزان لەسەر ڕێگا ئاستی باش نەبوو، ئەوە ناتوانێت لەسەر تراك ئەنجامی باش بەدەستبهێنێت.



***دوا وتەت چییە؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت لەچەند دیمانەیەك، یاریزانی هەڵبژاردەی لاوانی عێراق ئاری جەلال دەڵێت ئەو یەکەم یاریزانی کوردە، کە میدالیای زێڕی بەدەستهێناوە، ڕاستە ناوبراو یەکەم یاریزانی کوردە میدالیای زێڕی لەڕکابەرییەکانی تراك بەدەستهێناوە، بەڵام یەکەم یاریزانی کورد کە میدالیای زێڕی لەپاڵەوانێتیەکانی عەرەب بەدەستهێنابێت، ئەوە یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی عێراق عەبدولقادر نورەدین-ە، کە لەساڵی ١٩٩٠ لەپاڵەوانێتی وڵاتانی عەرەب، کە لەمیسر بەڕێوەچوو توانی میدالیای زێڕ بەدەستبهێنێت دوای ئەوەی ماوەی پێشبڕکێکە (١٠٠)کم بوو.

هیوادارام هیچ لایەنێك هەواڵ بەبێ زانیاری دروست بڵاونەکەنەوە، چونکە مافی کەسانی تر دەبردرێت، خۆم وەکو ڕاهێنەری هەڵبژاردەی لاوانی عێراق زۆر بەم یاریزانانە ماندوو بووم تا توانیمان ئەم ئەنجامە باشانە بەدەستبهێنین.

# خەڵاتەکانی یەکێتی نێودەوڵەتی مێژوو و ئامارەکانی تۆپی پێ بەرشلۆنە کۆنترۆڵی زۆربەی خەڵاتەکان دەکات

یەکێتی نێودەوڵەتی مێژوو و ئامارەکانی تۆپی پێ خەڵاتەکانی خۆی بۆ ساڵی ٢٠١١ ئاشکراکرد لەگەڵ خەڵاتەکانی دە ساڵەی یەکەمی سەدەی ٢١، محەمەد بن سەقەر سەرۆکی یەکێتی ناوبراو لە شاری دوبەی ناوی براوەکانی ئاشکرا کرد و تیایدا یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی کۆنترۆڵی زۆربەی خەڵاتەکانی کرد دوای ئەوەی توانی خولی ئیسپانیا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و مۆندیالی یانەکان بباتەوە لە ساڵی ٢٠١١ دا، یاریزانی یانەی بەرشلۆنە لیۆنیل میسی خەڵاتی باشترین گۆڵکاری وەرگرت، هەروەها یاریزانی یانەی بەرشلۆنە زاڤی هێرناندیز خەڵاتی باشترین دروستکاری گۆڵی وەرگرت، راهێنەر پیب گواردیۆلا خەڵاتی باشترین راهێنەری وەرگرت . تاکە خەڵات کە بۆ یانەی ریال مەدرید بوو خەڵاتی باشترین گۆڵچی کە بۆ ئیکەر کاسیاس بوو، لە هەمان کاتدا یانەی بەرشلۆنە خەڵاتی باشترین یانەی وەرگرت بە کۆکردنەوەی ٣٦٧٠ خاڵ بەرامبەر ٣١٢٠ خاڵ بۆ یانەی ریال مەدرید .



لە خەڵاتەکانی دیکەدا، راهێنەری هەڵبژاردەی ئۆرگوای ئۆسکار تاباریز خەڵاتی باشترین راهێنەری نیشتمانی وەرگرت بە هۆی بەدەستهێنانی کوپا ئەمریکا و پلەی دووەم بۆ راهێنەری هەڵبژاردەی ئیسپانیا ڤیسێنتی دیل پۆسکی بوو، یاریزانی لاتڤیا ئەلیکسەندەر لایڤز خەڵاتی باشترین گۆڵکاری لە خولێکی نیشتمانی وەرگرت بە تۆمارکردنی ٤٦ گۆڵ و کریستیانۆ رۆنالدۆ لە یانەی ریال مەدرید بە پلەی دووەم هات بە تۆمارکردنی ٤٠ گۆڵ .

هەروەها خەڵاتەکانی دە ساڵەی یەکەمی سەدەی ٢١ ئاشکرا کران، یانەی بەرشلۆنە خەڵاتی باشترین یانەی وەرگرت، راهێنەری یانەی ئەرسنالی ئینگلیزی ئارسن ڤینگەر خەڵاتی باشترین راهێنەری وەرگرت، خەڵاتی باشترین گۆڵچیش بۆ جیانلویجی بۆفۆن گۆڵچی یانەی یۆڤانتس و هەڵبژاردەی ئیتالیا بوو، یاریزانی هۆڵەندی رۆد ڤان نیستەلرۆی یاریزانی یانەی مالاگە خەڵاتی باشترین گۆڵکاری وەرگرت .

یاریزانی ئیتالی فرانچیسکۆ تۆتی خەڵاتی پڕجەماوەرترین یاریزانی لە کیشوەری ئەوروپا وەرگرت، لە ئاسیاش خەڵاتەکە بۆ یاریزانی سعودی یاسر قەحتانی بوو، شایانی باسە خەڵاتەکان لە ئاهەنگێکی گەورە لە مانگی ئایاری داهاتوو دابەش دەکرێت.





## وەرزی یاریزان کلۆزە کۆتایی هات

ڕۆژنامەی لاگازێتا دیللۆ سپۆرتی ئیتالی دووپاتیکردەوە کە وەرزی یاریزانی ئەڵمانی میرسلاف کلۆزە یاریزانی یانەی لازیۆ کۆتایی هاتووە و ناتوانێ لەو یارییانەی کە ماوە لە خولی یانەکانی ئیتالیا لەگەڵ یانەکەی بەشدار بێت بە هۆی ئەو پێکانەی کە لە مانگی ئاداری ڕابردوو تووشی هاتبوو، بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەکە یاریزان کلۆزە نایەوێت چارەنووسی بەشداریکردنی لە یارییەکانی یۆرۆی ٢٠١٢ لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بخاتە مەترسییەوە .

ڕاهێنەری یانەی لازیۆ ئیدی ڕیا بە هیوای ئەوە بوو کە کلۆزە لە دوا دوویاری لە خولی ئیتالیا بەشدار بێت بەڵام ڕاهێنەری ناوبراو دانی بەوەدانا کە وەرزی کلۆزە لەگەڵ یانەی لازیۆ کۆتایی هاتووە دوای ئەوەی پێکانەکەی لە قاچی ڕاستەیدا تووشی هاتبوو بە تەواوی چاك نەبۆتەوە، لەو کاتەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەڵمانیا ڕایانگەیاند کە کلۆزە ئامادە دەبێت بۆ بەشداریکردن لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لە یۆرۆی ٢٠١٢ .

یاریزان کلۆزە لە هاوینی ڕابردوو پەیوەندی بە یانەی لازیۆ کرد و لە ٢٤ یاری ١٢ گۆڵی بۆ یانەکەی تۆمارکردووە کە ئێستا یانەی لازیۆ لە پلەی سێیەمی کالچیۆی ئیتالی دێت بە جیاوازی ٣ خاڵ لە گەڵ ئۆدینیزی چوارەم و ٤ خاڵ لە گەڵ ڕۆمای پێنجەم و بە هیوای بەشداریکردنە لە خولی یانەکانی ئەورووپا لە وەرزی داهاتوودا .

## هاندەرانی بەرشلۆنە گاریس بێلیان دەوێت

ڕۆژنامەی ئەلمۆندۆ دیپۆرتیڤۆ کە لەشاری بەرشلۆنەی ئیسپانی دەردەچێت ڕایگەیاند کە یاریزانی هەڵبژاردەی وێلز و یانەی تۆتنهامی ئینگلیزی گاریس بێل لە لیستی پێشەوەی ئەو یاریزانانەیە کە یانەی بەرشلۆنە هەوڵی کڕینەوەی دەدات لە وەرزی هاوینی داهاتوو بۆ ئەوەی شوێنگرەوەی یاریزان ئەریك ئەبیدال بێت کە ئێستا لە قۆناغی چاککبونەوەیە لە نەشتەرگەری چاندنی جگەر کە لە پێش دوو هەفتە بۆی ئەنجامدرا بوو، یانەی بەرشلۆنە ئامادەیە بڕی ٣٥ ملیۆن یۆرۆ تەرخان بکات وەك نرخی یاریزان بێل کە جێگای بایەخی چەندین یانەی گەورەی ئەورووپایە.

گاریس بێل پێش ماوەیەك سەبارەت بە بایەخدانی هەردوو یانەی بەرشلۆنە و ڕیال مەدرید وتی : ئەگەر باسی هەردوو یانەی بەرشلۆنە یان ڕیال مەدرید بکەین ئەوا هەردووکیان گەورەترین دوو یانەی جیهانن، یاریکردن بۆ ئەم یانانە خەونێکە یەکجار لە ژیانت دێتە دی، ئەگەر بە هەر یاریزانێك بڵێیت دەتوانی یاری بۆ بەرشلۆنە یان ڕیال مەدرید بکەیت ئایا ڕەتی دەکاتەوە ؟ بێگومان نەخێر .

دوورکەوتنەوەی یانەی تۆتنهام لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا ئەرکی یانەی بەرشلۆنە ئاسانتر دەکات لە ڕازیکردنی یاریزان بێل و یانەکەی بۆ پەلکێشکردنی بۆ یاریگای کامب نو، لە هەمان کاتدا هاندەرانی یانەی بەرشلۆنە لە ڕاپرسییەکدا یاریزان گاریس بێل بە دواکاری یەکەمیان دانا بۆ ئەوەی وەرزی داهاتوو بێتە ڕیزی یانەکەیان.



## پاڵێوراوانی خەڵاتی باشترینەکانی خولی ئینگلتەرا ئاشکراکران

دەستەی یاریزانە پیشەگەرەکانی سەر بە یەکێتی تۆپی پێی ئینگلتەرا ناوی ئەو یاریزانانەی ئاشکرا کرد کە پاڵێوراون بۆ وەرگرتنی خەڵاتی باشترین یاریزانی وەرزی ٢٠١١ – ٢٠١٢ ی خولی نایابی ئینگلتەرا هەروەها لیستی ئەو یاریزانانەی کە پاڵێوراون بۆ وەرگرتنی خەڵاتی باشترین یاریزانی لاو .

یاریزانی یانەی مانچستەر سیتی سێرجیۆ ئەگوێرۆ کە یەکەم وەرزە لە خولی ئینگلتەرا یاری دەکات بۆ هەردوو خەڵات پاڵێوراوە دوای ئەوەی ئاستێکی بەرزی پێشکەشکرد، بۆ خەڵاتی باشترین یاریزان جگە لە یاریزان ئەگوێرۆ ناوی هەریەك لە یاریزانان ڕۆبن ڤان پێرسی لە یانەی ئەرسنال و وێین ڕونی لە یانەی مانچستەر یونایتد و جۆ هارت گۆڵچی یانەی مانچستەر سیتی و دیڤید سیلڤا لە یانەی مانچستەر سیتی و سکۆت پارکەر لە یانەی تۆتنهام دەست نیشانکراون، چاودێران یاریزان ڤان پێرسی بە نزیکترین یاریزان دادەنێن بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە بە تایبەتی دوای ئەوەی توانی یانەی ئەرسنال بگەڕێنێتەوە ململانێ لە سەر پلەی سێیەم دوای ئەوەی لە سەرەتای وەرزەوە یانەکەی لە پلەی ١٧ دابوون دوای دۆڕاندنیان بەرامبەر یانەکانی لیڤەرپول و مان یونایتد و بلاکبێرن و تۆتنهام، هەروەها تا ئێستا گۆڵکەری خولی ئینگلتەرایە، هەردوو یاریزان وێین ڕونی و دیڤید سێلڤا ڕکابەری ڤان پێرسی دەکەن لە سەر خەڵاتەکە .

لە لایەکی دیکەوە دەستەی یاریزانە پیشەگەرەکان ناوی پێنج یاریزانی ئاشکرا کرد کە پاڵێوراون بۆ خەڵاتی باشترین یاریزانی لاو کە بریتین لە سێرجیۆ ئەگوێرۆ لە یانەی مانچستەر سیتی و کایل وۆکەر لە یانەی تۆتنهام و ئەلێکس چامبەرلین لە یانەی ئەرسنال و دانیال ستۆریدج لە یانەی چێلسی و دانی ویلباك لە یانەی مانچستەر یونایتد، چاودێران پێیان وایە کە ئەگوێرۆ بەهێزترین پاڵێوراوە بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە .





ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# چۆن دیاردەی ئاژاوەگێڕی لەیاریگاکانی کوردستان چارەسەر دەکرێت

ڕیبین ڕەمزی

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەساڵی ٢٠٠٣ و لەگەڵ دەستپێکردنەوەی بەڕێوەچوونی یارییەکانی خولەکانی عێراق بۆ تۆپی پێی، لەسەرەتا لەزۆربەی یارییەکانی ئەم خولە(جگە لەیارییەکان کە لەکوردستان بەڕێوەدەچوو) بەدیاردەی ئاژاوە تەواو دەبوو، جا چ لەنێوان جەماوەری هەردوو یانە بێت یاخود هەڕەشەکردنی جەماوەر بۆ یاریزانان و ڕاهێنەران و ناوبژیوانان بێت، بەڵام بەداخەوە ئەم دیاردەیە لەم چەند ساڵەدا بەشێوەیەکی بەرچاو لەیاریگاکانی کوردستان زیادی کردووە.

ئەگەر سەیری یارییەکانی خولەکانی کوردستان بکەین لەسەر ئاستی نایاب و لاوان و تازەپێگەیشتووان و پلە یەك و دوو و سێ، ئەم دیاردەیە بەڕوونی دیارە، بەڵام خۆشبەختانە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان توانی ڕاددەیەك بۆ ئەم دیاردەیە دابنێت ئەویش بەغەرامکردنی یانەکان یاخود ڕاگرتنی یاریزانەکان و ڕاهێنەران بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، بەڵام لەخولی عێراق ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دیاردەی ئاژاوە لەنێوان یانەکانی کوردستان زیاد دەکات تا ڕاددەیەك گەیشتە ئەوەی کێشە لەنێوان دوو شاری کوردستان دروست بکات، بۆ نموونە تا ئێستا یارییەکانی خولی بژاردەی عێراق کاتێك لەنێوان یانەکانی هەولێر و دهۆك و زاخۆ و کەرکوك و سلێمانی بەڕێوە دەچێت بەبێ کێشە تەواو نەبووە جا بێ جەماوەر بێت یاخود بەئامادەبوونی جەماوەر بێت، بۆیە پرسیار لەوەدایە هۆکاری دیاردەی ئاژاوەگێڕی لەکوردستان بۆ چی دەگەڕێتەوە.

وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ چەند لایەنێك دەگەڕێتەوە.

١-هۆکاری یەکەم بۆ دەزگا ڕاگەیاندنەکان و ڕۆژنامەنووسەکان دەگەڕێتەوە، چونکە پێش بەڕێوەچوونی یارییەکان زۆربەی دەزگا ڕاگەیاندنەکان بۆ ئەوەی زیاترین ژمارەی ڕۆژنامەکانیان سەرف بکرێت چەند هەواڵێك یاخود ڕاپۆرتێك لەسەر یانەکان بڵاو دەکەنەوە کە دەبێتە هۆکاری دروستبوونی کێشە لەنێوان هەردوو یانە.

٢-دوای ئەوەی یانەکان ناتوانن ئەنجامی باش لەپاڵەوانێتیەکە بەدەستبهێنن، بۆ شاردنەوەی ئەم سەرنەکەوتنە ئەندامانی دەستەی کارگێڕی یانەکان هەوڵ دەدەن کێشە لەگەڵ یانەکان دروست بکەن بۆئەوەی سەرنەکەوتنی خۆیان باس نەکرێت و پارێزگاری لەپۆستەکانی خۆیان بکەن، تا ڕاددەیەك هەندێك لەئەندامانی دەستەی کارگێڕی یانەکانی کوردستان ئاستی ڕۆشنبیران وەکو پێویست نییە یاخود ناتوانن مامەڵە لەگەڵ ڕووداوی لەناکاو بکەن، بۆیە ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاژاوە لەکاتی یارییەکان.

٣-کاتێك لەنێو یاریگا یاریزانەکان نارەزایی لەبڕیارەکانی ناوبژیوان یاخود لەهەڵسوکەوتی یاریزانانی تیپی بەرانبەر بەشێوەیەکی دوور لەگیانی وەرزشی دەردەبڕن، ئەمە دەبێتە هۆکاری دروستبوونی بارێکی نالەبار لەنێوان جەماوەر و ئەمە چەندین جار ئەم کێشانە دووبارە دەبێتەوە.

٤-کاتێك بارودۆخێکی نالەبار لەیاریگاکان دروست دەبێت، پیاوانی پۆلیس ناتوانن مامەڵەیەکی تەواو لەگەڵ ڕووداوەکان بکەن، زۆربەی جار بەگرژیەوە ڕووبەڕووی ڕووداوەکان دەبنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئاژاوە لەنێو یاریگا.

٥-دەستەی هاندەرانی یانەکان لەئەرکی بەرپرسیاریەتی نینە لەیارییە گرنگەکان و لەزۆربەی یارییەکان ڕۆڵێکی نیگەتیف دەگێڕن.

چۆن چارەسەری ئەم دیاردەیە دەکرێت

بۆئەوەی ئەم دیاردەیە بەتەواوی لەکوردستان چارەسەر بکرێت، دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت.

١-دەبێت ڕۆژنامەنووسان پێش دەستپێکردنی یارییەکان یاخود پاڵەوانێتیەکان بەڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان هەڵسن، ئەویش بەنووسینی چەند بابەتێکی تایبەت بۆ ڕۆشنبیرکردنی جەماوەر و ڕوونەدانی ئاژاوە لەیارییەکان و هەروەها ئەنجامدانی چەند ڕاپۆرتێك بۆئەوەی لە کەناڵە ئاسمانییەکان بڵاوبێتەوە لەسەر هەمان بابەت.

٢-دەبێت دەستەی کارگێڕی یانەکان مانگانە سیمینارێك لەسەر چۆنیەتی هاندان و گیانی وەرزشی و ڕۆشنبیرکردنی جەماوەر و دوورخستنەوەیان لەکاری توندوتیژی بۆ جەماوەری یانەکانیان ئەنجام بدەن.

٣-لەزۆربەی وڵاتەکان بەشێکی تایبەت لەپیاوانی پۆلیس تایبەت دەبێت بەنەهێشتنی ئاژاوە لەنێو یاریگاکان، ئەم بەشە بەشێوەیەك ڕاهێنانراون، کە لەژێر فشارێکی توند کاردانەوەی باشیان هەبێت و ببنە هۆکاری هێورکردنەوەی بارودۆخەکە.

٤-دەبێت زۆربەی ئەندامانی دەستەی هاندەرانی یانەکان کەسانی ڕۆشنبیر بن بۆئەوەی بتوانن سەرۆکایەتی ئەم هەموو جەماوەر بکەن و هەروەها بتوانن بەرانگاری ڕووداوەکان بن.

٥-دەبێت یەکێتیە وەرزشیەکان بڕیاری توند لەسەر یانەکان بچەسپێنێت بۆئەوەی ئەم کارانە دووبارە نەبێتەوە، چونکە لەزۆربەی یەکێتیە وەرزشیەکانی جیهان ئەم جۆرە بڕیارە هەیە و تا ڕاددەیەك توانراوە کۆنترۆڵی ئاژاوەگێڕی بکرێت.

بەداخەوە هەفتەی ڕابردوو لەیاری نێوان هەردوو یانەی هەولێر و دهۆك لەخولی بژاردەی عێراق ڕووداوی دوور لەگیانی وەرزشی ڕوویدا کاتێك هێرشکرایە سەر شاندی یانەی هەولێر لەلایەن پیاوانی پۆلیس و جەماوەری یانەی دهۆك، ئەمەش بووە هۆکاری دروستبوونی کێشەیەکی گەورە لەنێوان خەڵکی هەردوو شاری دهۆك و هەولێر، دەتوانین بڵێین ئەم ڕووداوە کاردانەوەی لەدەرەوەی بواری وەرزش هەبوو.





# یانەی ئەکاد پاڵەوانی بادمنتۆنی کوردستان بوو

وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی و بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یاری بادمنتۆن لەشارەکانی کوردستان، لەشاری هەولێر لەهۆڵی یانەی ئەکاد بەسەرپەرشـــتی یەکێتی بادمنتۆنی کوردســـتان و بە بەشـــداری زیاتر ٢٤یانەی شارەکانی کوردســـتان کەپێکهاتبوون لەهەریەك لەیانەکانی (قەڵای تورکمان، ئاکرێ، لەیلان، ئارارات، سۆلاڤی نوێ، ڕواندز، شۆریجە، خاك، هێرش، کەرکوك، کۆیە، کەیوان، سۆلاڤ، سەورە، بروسك، ئاڵتون کۆپری، بابەگوڕگوڕ، سۆران، شەقڵاوە، ئەکاد، پێشمەرگەی ســـلێمانی، سلێمانی، پێشکەوتن، گازی شیمال). پاڵەوانێتیەکە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەشـــێوازی خول لەئاستی پێشـــکەوتوان ئەنجامدرا، لەپاڵەوانێتیەکەشدا یاریزانانی بەشـــداربوو ئاســـتێکی بەرزیان پێشکەشـــکرد و ئەنجامی کۆتاییش بەمشێوەیەی خوارەوە بوو.

١-یانەی ئەکاد

٢-یانەی سۆلاڤی نوێ

٣-یانەی گازی شیمال

٣-یانەی ئاکرێ

# هەڵبژاردەی کوردستان بۆیەکەم جار بەفەرمی بەشداری پاڵەوانێتیەکی نێودەوڵەتی دەکات



دوای ئـــەوەی یەکێتـــی تۆپی پێی کوردســـتان بەفەرمی لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی فەڵەســـتینی بانگێشـــت کراوە بۆبەشـــداری کردن لەپاڵەوانێتی دۆســـتانەی تۆپی پێی فەڵەســـتین کە ئەمە دووەم جـــارە ئەم پاڵەوانێتیە نێودەوڵەتیە بەفەرمی ئەنجام دەدرێت و پاڵەوانێتەیەکە لەڕامەڵڵا لەیاریگای فەیسەڵ ئەلحوسێنی لەنزیك قودس ئەنجام دەدرێت، کە بڕیارە لە١٣ی مانگی داهاتوو یارییەکانی بەڕێوە بچێت، لەم بارەشـــەوە ســـەلام حوســـێن سکرتێری یەکێتی تۆپی پێی کوردســـتان بۆ فایلی وەرزشی گوڵان گوتی «ئێمە بۆ ئەم پاڵەوانێتیە نێودەوڵەتیە بەفەرمی داوەت کراوین کە هەشت هەڵبژاردە بەشداردەبن کە بریتیتن لەهەڵبژاردەکانی (کوردســـتان، ســـیرلانکا، فەڵەســـتین، تونس، مۆریتانیا، ئۆزپاکســـتان، ئیندۆنیسیا، پاکستان)، گوتیشـــی ئەم پاڵەوانێتیە لەلایەن یەکێی تۆپی پێی جیهانی فیفا بەفەرمی دانی پێنراوە، گوتیشی ئێمە وەکو هەڵبژاردەی کوردستان بەفەرمی بەشداری دەکەین و تەواوی مەسروفاتی پاڵەوانێتەیەکەش لەئەســـتۆی یەکێتی تۆپی پێی فەڵەســـتینە، تەنیا پلێتی فرۆکـــە لەســـەر ئێمەیـــە، ئەگەرنا لەتەواوی پاڵەوانێتەیەکە خەرجیەکانمان لەئەستۆی فەڵەستین دەبێت، ئێمەش وەکـــو خۆئامادەکاریەك بۆ پاڵەوانێتی ڤیڤا بەشـــداری ئەم پاڵەوانێتیە دەکەین، ماوەی خولەکەش ١٠ڕۆژ دەخایەنێ، ئێمە بەو یاریزانانە بەشـــداردەبین کە لەلایەن دەستەی ڕاهێنەرانی هەڵبژاردەی کوردستانەوە دەستنیشـــان کراون، گوتیشـــی ئومێدمان هەیە لەم پاڵەوانێتەیە ئاســـتێکی شایستە پێشـــکەش بکەین و هەڵبژاردەی کوردســـتانیش دەستی بەئامادەکارییەکانی خۆی کردووە بەسەرپەرشـــتی ڕاهێنەر عەبدوڵڵا مەحمود، شایەنی باســـە ئەمە یەکەمجارە لەمێژوو هەڵبژاردەی کوردستان بەشداری لە پاڵەوانێتیەکی نێودەوڵەتی بکات.

# پێنج ملیار دینار بۆ نۆژەنکردنەوەی هۆڵی زەرد

لەشـــاری هەولێر بەئامادەبوونی هەریەك لەدکتـــۆر کاوە مەحمود وەزیری ڕۆشـــنبیری و لاوان و نـــەوزاد هـــادی پارێزگاری هەولێـــر و ژمارەیەك لەبەرپرسانی وەرزشی شاری هەولێر و لەسەر ڕووبەری پێنج هەزار مەتر دووجا بەگوژمەی ٥ ملیار دیناری عێراقی بەردی بناغەی دروستکردنەوەی سەر لەنوێ هۆڵی زەرد دانرا، کە ماوەیەکی زۆر بوو بەدەســـت خراپی بارودۆخی هۆڵەکە وەرزشکاران لەخەمی سەرلەنوێ نۆژەنکردنەوەی دابوون، لەلێدوانێکی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دکتۆر کاوە مەحمود وەزیری ڕۆشـــنبیری گوتی «ئەم پرۆژەی تێکدان و ســـەرلەنوێ دروستکردنەوەی هۆڵی زەرد لەلایەن وەزارەتی ڕۆشـــنبیری و لاوانەوە بەگوژمەی ٥ ملیار و٣٧٦ملیۆن و٥٠٨هـــەزار و٦٢٥دیناری عێراقی بۆتەرخان کراوە بۆئەوەی وەرزشـــوانان ســـوودێکی زۆری لێببینن، گوتیشی ئەم تێکدان و دروستکردنەوەیە لەلایەن کۆمپانیـــای (دێرێ) جێبەجـــێ دەکرێت، مـــاوەی تەواوبوونی پرۆژەکەش ٤٥٠ڕۆژ دەخایەنێت، شـــایەنی ئاماژە پێکردنە ئەم هۆڵە لەساڵانی ڕابردوو خزمەتێکی زۆری بەبواری وەرزشی کردووە لەشاری هەولێر.

